Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣١٢

# میتافۆریەچەمکییەکان لەزماندا

شیلان ئەحمەد ئیسماعیل
بەشی کوردی/ پەیمانگای ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی

بەهرە سلام حمه غریب
بەشی کوردی / زانکۆی هەڵەبجە،

**Article Info**

Received: June, ٢٠٢٠

Revised:June,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

**Keywords**

میتافۆر،پێرەوەی چەمکی، مەرجە ڕاستەقینەکان ،پرۆژە سازدانی ئەندیشەیی

**Corresponding Author**

shilanahmedasmail@gmail.com
bahra.hamagharib@uoh.edu.iq

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوە بەشێوەیەکی زانستی خۆخەریککردنە بەئەو میکانیزمانەی کەقسەکەر بەرێگەیەوە دەتوانێت لە دەربردراوە زمانییەکان وئەزموونەکانی تێبگات و پەیوەندی نێوان ئەزموون و دەربڕدراوە زمانییەکان وەکوپێرەوێکی کارلێکەری کار لەیەکتری دەکەن لە چواچێوەی دەربڕدراوە (میتافۆرییەکان)لەزمانی ئاخاوتندا ڕەنگدانەوەی دەبێت،کە دەربردراوە میتافۆرییە کان، بە تەنیا چەند دەرپردراوێك نین ،کە لە مەرجە راستەقینەکانەوە fact)) هەڵهێنجرابێتن ،بەڵکومیتافۆرەکان خۆیان راستەقینەیی زمانین،ئاڕاستەبونیادگەریی وئەنتۆلوجییەکان لەژیربێژی ولێکۆلێنەوە زمانییەکاندا مەرجە راستەقینەکان لەپێرەوی چەمکی ئاوەزی ئێمەدا دەخەنە روو،هەربۆیەمامەڵەیەکی ئەنتۆلۆجی لەگەڵ میتافۆردا دەکرێت ،وەکوئاراستەکانی شوێن لەدەربردراوە زمانییەکاندا،یان مامەڵەیەکی بۆنیادیان لەگەڵیدا دەکرێت،کە لێرەدا میتافۆری بونیادین،وەکو خواستنی بونیادی (کات) لە بوارە جیاجیاکاندا و ڕەنگدانەوەی لە زمانی ئاخاوتن .لەچواچێوەی سیمانتیکی درککردن (cognative semantic)ئامانجی لێکۆلینەوەکەخستنەروی تەرزێکی(patteren) گشتییە یان مۆدێلێکی گشتییە،کە بە هۆیەوە( واتا)ی دەربردراوە زمانییەکان ڕاڤە بکرێت ،چونکە( واتا ) لە ئەم حاڵەتەدا یەکسانە بە پرۆسەی درکپێکردن ،درکپێکردنیش بنەمایەکی بەهێزە بۆ لێکۆڵینەوە لە میتافۆر ە چەمکییەکان ،کە توێژەرلە م حاڵەتەدا بەپاڵپشتی میکانیزمێکی زانستی وەکو تیۆری میتافۆرییە چەمکییەکان،بنەمای زانستی (میتافۆرییە چەمکییە کان) لە زماندا دەخاتە روو.

## پێشەکی:

١)-تێروانینی تیۆرییەکانی سیمانتیکی درکپێکردن بۆ زمان:

دەتوانین زانستی زمانی درکپێکردن بە خالێکی وەرچەرخان سەیر بکەین،چونکە زمان بە تەنها هۆکارێك دەزانێت بۆ گواستنەوەی زانیاری،چەمك وئەزموون لە دەربرینە زمانییەکاندا دوو ڕەگەزی سەرەکین لە پێرەوەکەدا ،پێویستە زانستی زمانی درکپێکردن بە هەولێکی گرنگ دابنرێت،چونکەلەم بوارەدا چەندتیۆرییەکی سیمانتیکی بە هێز خراونەتە روو بۆ ئاشکرا کردنی (واتا) ،بەڵام لێکۆلەرلە بەر فراوانی بواری سیمانتیکی درکپێژ١کردن لە چواچێوەی چەند تیۆرییەکی دیاریکراودا بابەتەکە زانستیانە دەخاتە روو :

(١/١) - تیۆری کۆتوبەندی درکپێکەرانە( cognative

(constraint)

لەچوارچێوەی ئەم تیۆرییە باس لە پەیوەندی نێوان قسەکەروەرەفتارە زمانییەکانی قسەکەردەکرێت،بەپابەندبوون بەتیوریەکانی زانستی دەروونی ئەزموونبەندانە ،بە تایبەتی تیۆرییەکانی درکپێکردنی قوتابخانەیGestalt .گریمانەلەبوونی چەند ئاستێکی نواندنی ئاوەزی دەکرێت ،کەتێکردە زانیارییەکان لە ئۆرگانەکانی دیکەی قسەکەرەوە وەردەگرێت،وەکو ئۆرگانەکانی بیستن ،بۆنکردن،جولەیی،توانا زمانییەکان....تاد،پێکەوە کۆیان دەکرێنەوە و پێکەڵ دەبن ،بە هۆی ئەم پێکەوە بەستنەوە قسەکەر دەتوانێت ئاخاوتنەکانی دەربارەی ئەو شتانە بێت،کەبە چاو دەیبینێت ،یان دەیبیستێت،یان هەستی پێدەکات ،کەواتا لەئەم تیۆرییە رۆڵی ئەم(ئاستی نواندنە ) بەئاشکرا روونە ،چونکە ناتوانرێت باس لەتواناو دەسەڵاتی زمان بکرێت،تاوەکو باس لەئەم ئاستی نواندنە نەکرێت، هەربۆیە زمان بریتییە لە بە کارهێنان ،کەبە گشتی زمان بەکاردەهێنرێت بۆ پەسنکردنی هەستکردن ،درککرن وئەزموونە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ.پەیوەست بەزمانەوە بونیادی سیمانتیکی زەنگینەو هێزێکی دەربڕدراوەیی بەهێزی هەیە،کەلەتوانایدایە هێماو جفرە دابنێت وجفرە لێکدانەوەش ئەنجام بدات بۆدەربردراوە زمانییەکان ،هەروەها پێواژۆی ئەزموونەکانی قسەکەربکات .پێواژۆکردنی قسەکەر بۆدونیا و بونیادی راستەقینەیی بوونی دونیا و تێروانینەکانی دەربارەی دونیا بریتییە لە میکانیزمی پەیوەندیکردن بە دنیاو جیهانی دەرەوە ،کە زمان بەشێکەلە میکانیزمی پەیوەندی کردنە ،کارلێکردن بەرێگەی درکپێکردنەکان،لە ئەنجامدا زمان باشترین رێگایە بۆ دەربرین لە میکانیزمی پەیوندیکردنە کە ،بڕوانە وێنەی (١):

وێنەی ...........(١)..میکانیزمی پەیوەندیکردنی قسەکەربە جێهانی دەرەوە

٢/١) تیۆری سیمانتیکی چێوەدانان و تێگەیشتنی گشتی(الفهم الموحد):

دەربارەی تیۆری سیمانتیکی ، فیلمور(Filmore ) ئەو گریمانە زانستییە دەخاتە روو،کە تیۆری سیمانتیکی پێش هەمووشتێك تیۆرییەکە بۆ تێکردە فەرهەنگییەکان (المداخل المعجمیە)،پابەندە بەلێکۆلینەوە لە زانیارییە لە ئارادابووەکان لە نێو تێکردە فەرهەنگییەکان،هەروەها چۆنێتی بەدەسهێنان و هۆکاری بە دەستهێنانی زانیارییەکان،لە بەر ئەمە سیمانتیکی چێوە کاتێك خۆی خەریك دەکات بە لێکدانەوە واتاییەکان ودیاریکردنی تێکردە فەرهەنگییەکان ،کارەکەی پەیوەستە بەچێوە گشتییەکان ،کە تێدا چەشنە جۆراجۆرەکانی مەعریفەودرککردنی مرۆیی پێکەڵبوون وچوون بەیەکدا ،ئەم چێوە گشتیانە ،تێگەیشتنێکی گشتی ویەکگرتوو دیاریدەکەن ،کە بریتیەلە بەنموونەکردنی (Idealized)بوارێکی تایبەت لە نێو ئەزموونەکانی قسەکەر .

لەم بارەیەوە ،ئەگەر بمانەوێت نرخی و بە های تیۆریی چێوە دانان بزانین دەبێت کەمو کورتیە کانی تیوری مەرجی راستەقینەی زمانی بخەینە روو ، تیۆرییەکانی مەرجی راستەقینەی زمانی پەیوەستن بە هەردووچەمکی راستی و ناراستی لە پێکانی واتادا(واتاپێك-inexact)،بڕوانە ئەم نمونانە:

١-ددانەکانی منداڵەکە وەکو بەفرسپییە .(سپێتی بەفر).

٢-چاوی منداڵەکە وەکوئاسمان شینە.(شینێتی ئاسمان).

کاتێك دەوترێت (بەفرسپییە)،ئەمە مەرجی راستەقینەی زمانی بەسەردا جێبەجێدەبێت ،چونکە گریمانەی ئەوە ناکرێت( بەفر)جگە لەئەو رەنگە هیچ رەنگێکی دیکەی هەبێت،هەروەها بۆ ئاسمانیش مەرجی راستی شین بوون بەسەردا جێبەجێدەبێت،کەواتا خەسڵەتی سپێتی( بەفر)وشینبوونی (ئاسمان) یەکسانن لەرووی مەرجی راستەقینەوە ،بەڵام یەکسان نین لە رووی واتاوە،هەندێك لە رستەکان واتاو ناوەرۆکیان هەیە ،بەڵام مەرجی راستی وناراستی بەسەرداجێبەجێناکرێت ،بڕوانە ئەم نموونانە :

٣-بەفری باخچەکە قاوەیی بووەو جوانییەکەی لە دەستداوە ،چونکە قوڕاوی بووە .

...............(خەسڵەتی سپێتی تایبەتە بە بەفر ،تا ئەو کاتەی لە دەستی نەدات ).

٤-گەڵای دارەکە زەردەبووەو گەشاوەیی لە دەست داوە،چونکە سەرمای پایز هەڵیوەراندووە .

............(خەسڵەتی سەوزێتی تایبەتە بە گەڵا ،تا ئەو کاتەی

له دەستی نەدات )

ئەگەر زمان لە توانایدا بێت واقیع بابەتیانە پەسەنبكات ،بكرێتە بنەمای بڕیاردان لە سەر راستی و ناراستی ڕستەكان ئەوە دەبێت بڵێین بە كارهێنانە زمانییەكانی تر وەكو (میتافۆر) بنەمای راستی تێدا نییەو لۆژیكی نین ،وەكو مەبەستی سیاسی و شاعیرەكان ،ئەمەش ئەو تێڕوانینە بابەتیانەی ئەرستۆیە ،كە بە لایەوە بونیادی دنیا سەربە خۆیە لە تێبینیكردنی كەسەكان ، بەڵام بە تێڕوانینی (ortony) ئەمە چەمكێكی نابونیادیە ،كە ئەمڕۆ باس لە چەمكێكی بونیادی دەكرێت ،واتا بە ڕێگای دركپێكردنی مرۆڤەوە بەرهەمدێت و جیاكاری ناكرێت لە نێوان میتافۆرو حەقیقەت (راستەقینە) .گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئەو رستانە سەرەوە (٣ ،٤) خاوەن واتاو ناوەڕۆكن ،مەرج نییە راستی / راستی-پێك بن، هەربۆیە شاعیرەكان و ڕووماننوسەكان دوور دەكەونەوە لە مەرجی راستەقینەی زمان پەیوەست بە جیهان و دنیای دەرەوەی زمان ، كە واتە دووردەكەونەوە لە ئەو بنەمایانەی لە لایەن زمانەوانەكانەوە لە زانستی زمانی لۆژیكی باسدەكرێت،واتا ئەو جیهانەی كە شاعیرتێیدا دەژی ،جیهانێكی گریمانەكارییە و ئەگەرییە ، لەرستە مەرجی و داخوازییەكان وەكو (ئەگەر لە لەندەن بژیمایە ،ئێستا بە ئینگلیزی قسەم دەكرد )،یان (خۆزگە بە ئینگلیزی قسەم دەكرد )،ئەمانە فۆرمی گریمانە كردنن لە دنیایەك ، كە جیاوازە لە دنیای فیعلی/كردەیی (Actuality) ،لەم بارەیەوە ئەگەرقسەكەری كورد گریمانەی ئەوە بكات كە سەر بە نەتەوەیەكی تر بێت لە گفتوگۆیەك لە نێوان قسەكەر خۆیداو ئەوەی بەرانبەری كە گوێگرە هەڕ خۆیەتی ورستە میتافۆرییە كان دروست دەبن كە وێنە ی سیاسی ونەتەوەیی تێدا نەخشێنراو،بڕوانە ئەم رستانە:

-ئەگەرتورك بوومایە ،چی دەبوو؟

ئێستا ،بە دیار نمایشی ئەو منداڵەی

چاوەكانی لە دەست داوە....دادەنیشم

لە بەرئەوەی كوردم... خەریكم بە فرمیسكی

منداڵە سووتاوو خنكاوەكانی نێو ئاو ودووكەڵ....

روحم دەشۆمەوەو دە نێژم....

كەخۆرئاوابوو،بۆئارامی دەروونت قاوەیەك بخۆرەوە

منیش بۆ ئەو هەستەی لە دەستم داوە

بە دوای نمایشی ژیانمەوە دادەنیشم...

چایەكی رەش و تاڵ دەخۆمەوە

بەپێچەوانەیە سیمانتیكی مەرجی راستەقینەی زمانی ، سیمانتیكی چێوە پەیوەستە بە پەیوەندییە واتاییەكانی نێوان وشەو دەربردراوەكان لە نێو كێڵگە واتاییە كانداو دوور دەكەوینەوە لە مەرجی راستی و ناراستی پەیوەست بە جیهانی دەرەوە ،چێوەی گشتی بوارێكی دیاریكراو لەئەزموونی قسەكەردەخاتە روو، مەرجی راستەقینەكان ناوەكیین وپەیوستن بە واتاو بوونی واتاوە ،پەیوەست نین بە جیهانی دەرەوە.

٣/١ ) تیۆری فەزا ئاوەزییەكان

تیورییە سیمانتكییە كان باس لە شێوەیەكی دیكەی بە دەستهێنانی (واتا) دەكەن ،هەندێك دەربڕدراو هەڵگری واتان وپێكەوە دەلكێن و یەكەی زمانی گەورەتربەرهەم دەهێنن(فرێزورستەودەق) كە (واتا)ی ئەم یەكە زمانیانە لە(واتا)ی پێكهاتەكانەوە هەڵهێنجێنراووە بەرێگای یاساكانی راڤەكردنەوە دەبێت،ئەم یاسایانە بونیادێكی واتایی ئەبستراكتی و راڤەكەرانە دەلكێنێت بە سەردەربردراوێكی زمانی ،لێرەدا باس لە دوو شت دەكرێت،نیشانەو خەسڵەتی سیمانتیكی(واتاكی كرۆكی) ،نیشانەو خەسڵەتی پراكماتیكی(pragmatic properties)،كە بە واتای لاوەكی ناودەبرێت،كارەكانی فوكونییە(١٩٨٥)،ئەوە دەخاتە روو ،كە ئەو میكانیزمانەی پێرەو دەكرێن لە بونیادنانی واتای سیمانتیكی،هەمان ئەو میكانیزمانە بەكاردەهێنرێن بۆ بەرهەمهێنانی واتای پراكماتیكی ، هەرچەندە ئەم دوو فەزاوبوارە جیاوازن،بەڵام لە ئەنجامدا هاوبەشن لە ئاستێكی دیاریكراو ،كە پێی دەوترێت ئاستی نواندنی واتایی ، كە دەتوانرێت كارەكانی فوكونیە بەكورتی لەم شێوەدا بخرێتە روو،زمان پەیوەست نییە بە جیهانی حەقیقی(راستەقینەیی-فیزیكی)،بەڵكو باس لە ئاستێكی نێوەندی (Intermediate)دەكات،كە فوكونییە بە ئاستی(مەعریفی/كۆ زانین )ناو دەبات،ئەم ئاستە جیاوازەلە ناوەرۆكی بابەتێتی دەربردراوەكان (جیهانی دەرەوە )،هەروەهاجیاوازە لە بونیادی خودی زمانەكە ، بەڵام ئەم ئاستە مەعریفییە كاتێك بونیاد وەردەگرێت ،ئەگەر زمان لە بە كارهێنان دا بێت ،واتا بە رێگای

بە کارهێنانی فۆرمە زمانییە کان لە پێکهاتەی رستەدا و بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەوە دەبێت ،بە مەرجێك بەرهەمهێنانی ئاخاوتن پەیوەست بکرێت بە کۆمەڵێکی رێکخراو لە ئاماژەبەندی دەرەکی-زمانی -(extralingustic)،کە کۆمەلێك بواری نازمانی تێدا بەشدار دەبێت وەکو(پێشبینی کردن،زەمینەی هاوبەش،پاشخانەکان ،پێشینە پراگماتیکییە کان .......تاد)،بۆیە دەربردراوە زمانییە کان لە نێو خودی خۆیاندا خاوەن واتا نین وخاوەن واتایەکی رستە ناوەرۆکی نین ،بەڵکوبە پێچەوانەوە دەربردراوەکان و فۆرمە زمانییەکان وەکو فەرمان (instructions) سەیر دەکرێن،کە لە ئاست جۆرێکی دیاریکراو لە بونیادی ئاوەزی لە ئاستی مەعریفیدا ،دەربڕدراوە زمانیە کان فەرمانە کان جێبەجێدەکەن .ئەم فەزا ئاوەزیانە بریتییە لە جیهانی گریمانەکاری ،هەروەك ئەوەی لە تیوریەکانی بیری و بارواێز ١٩٨٣ باسکراوە ، کە فوکونییە درککردنی میتۆنۆمی بە بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ سەلماندی فەزا ئاوەزییە کان ،چونکە میتۆنۆمی لە پەیوەندی نێوان ئەم فەزا ئاوەزیانە دروست دەبێت ،وەکو(شێرکۆ بێکەسم لە سەر مێزەکە داناوە )،لە فەزای ئاوەزی قسەکەری کوردا ،شێرکۆ بێکەس ئاماژەیە بۆ کتێبەکەی شێرکۆ بێکەس ،بەلام لە فەزای ئاوەزی میللەتێکی تردا (ئەفلاتۆنم لە سەر مێزەکە داناوە ) ،بە ئەو شێوە بەرجەستە دەبێت .

) رەهەندە کانی مەعریفەی مرۆیی:

لەراستیدا تیۆرییە سیمانتکییەکان باس لە دوو رەهەندی مەعریفەی مرۆیی دەکەن ،یەکێکیان گریمانە لە بابەتێی مەعریفە دەکەن ،واتامرۆڤ بریتیە لە ئاوەزو،ئاوەزیش هاوبەشە لە نێوان هەموو مرۆڤەکان،زمانیش رەنگدانەوەی بیری مرۆڤەو رەنگدانەوەی هەموو ئەو پرۆسە ئاوەزیانەیە کەلەمێشکی مرۆڤدایە،هێما زمانییەکانیش نواندنێکی ناوەکین،راستەقینەیی(حقائق)دەرەکی دەنوێنن،دوابەدوای ئەم گریمانەیە بوتنام لەکتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا(the meaning of meaning) رەخنە لە بابەتگەریی(واقیعی-میتافیزیکی)دەگرێت،چونکە لە پێکەوەگونجاندنی ناوەکی (واتا)و (ئاماژەبەندەکان )لە دنیای دەرەکی سەرکەوتوو نەبوون ، لێرەدا پێشنیازی رەهەندێکی مەعریفەی مرۆی دەکرێت،کە ئاراستەیەکی ئەزموونبەندانەی هەیە، ئەم ئاراستەیە لە زماندا هۆکاری سەرهەڵدانی تیۆرێکی ئاوەزییە،کە جەخت لە سەر دووبنەما دەکاتەوە :

١-رۆڵی مرۆڤ لەدیاریکردنی چەمکە ئاماژییەکان.

٢-توانای خەیاڵکردن(ئەندیشە) لای مرۆڤ،بنەمایەکە بۆ دروستکردنی چەمکە ئاماژییەکان .

ئەم ئاراستە ئەزموونبەندانە لەزماندا گرنگی دەدات بەچەمکەئاماژییەکان ،کەپەیوەستەبەپەیوەندی نێوان هێما زمانییەکان وقسەکەر،رۆڵی قسەکەر لێرەدا ئەوەیە ،کەکیانێکی درکپێکەرە وتوانای درکپێکردنی هەیە بە ئەزموونێکی دیاریکراو لەنێو ئەودەورووبەرەی تێدا دەژی، ئەزموونەکانمان بەتەنها شێوازی بیرکردنەوەو چەمکەکان دیاری ناکەن،بەڵکو ئەو بونیادەی کە هاوتەریبەلەگەڵ ئەزموونەکانمان دەتوانێت تێگەیشتن لە چەمکەکان بهێنێتە ئاراوە.ئەگەرگریمانەی بابەتی سەیری واتا بکات وەکو تیۆرییەکی رێککەوتن(correspondence theory)،کە هێماکان دەداتە پاڵ جیهانی دەرەوە بە پێی یاساکانی دەستوور بەدەربی و رێککەوتنی زمانی ،ئەوە گریمانەی ئەزموونبەندی، (واتا)پەیوەستدەکاتەوە بە یاساکانی پرۆژە سازدانی ئەندێشەیی-خەیاڵکردن(imaginative projection)،کە لەنێوئەم یاسایانەدا میکانیزمی وەکو کەتیگۆری و میتافۆرومیتۆنۆمی بەکاردێت،بۆیە قسەکەر ئەو ئەزموونانەی پێدا تێدەپەرێت دەگۆرێتەوە بە تەرزێکی(pattern) مەعریفی ئەبستراکتی وەکو میتافۆر .

١/٢) چەمکە میتافۆرییەکان لە نێو پێرەوی چەمکیدا

هەمیشە زمانەوانەکان خۆیان بەئەو میکانیزمەوە خەریکدەکەن،ئایامرۆڤ چۆن لە ئەزموون و زمان تێدەگات؟ پەیوەندی نێوان ئەم دووانە چییە؟ چۆن ئەزموون کار لە زمان دەکات ،چۆن زمان کارلە ئەزموون دەکات؟ لەم بارەیەوە هەلاوێرکردنی مێکانیزمی چەمکە میتافۆرییەکان باشترین بوارە بۆپێوانەکردنی ئەم کارلێکردنەی نێوان زمان و ئەزموون،بەشێکی زۆری ئەزموونەکانمان میتافۆرین،پێرەوەی چەمکیش بەشێوەیەکی بەشەکی بەرێگەی میتافۆرەوە بونیادنراوە ، لە بەر ئەمە میتافۆرەکان دەربردراوێك نین ،کە لە مەرجە راستەقینە وە هەلهێنجرابێت ،بەڵکو میتافۆرەکان خودی خۆیان راستەقینن، زمانەوانەکان بە چەند گریمانەیەکەوە خەریکن، ئایا میتافۆر مەعریفەمان/کو زانین پێدەبەخشێت،یان وەك ئەوەی فینگشتاین دەیخاتە روو ،هەستکردن بە زمانمان پێدەبەخشێت ،رێبازەکان جیاواز ئەمە دەخەنە روو ، ئەگەردەربردراوێکی میتافۆریمان گوێ لێبێت(

کۆمپیەتەرەکەی برام) ،هەندێك پێیان وایە شتەکان دێنە پێش چاو( کۆمپیوتەرەکە ئامێرێکی سەرسوڕهێنەرە) ، ئەوانی تر باس لە وێنە زمانییە کان و ئەو ئاخاوتنە دەکەن ،کە لە مێشکی قسەکەردایە (براکەم زیرەکە وەکو کۆمپیەتەر )، خستنە روویەکی درکپێکەرانە باس لە چەمکی زیرەکی دەکەن ،کە هۆکار بێت بۆ دروستبوونی میتافۆری زمانی )،پەیوەست بە زانستی زمانی پێککردن بە تایبەتی هەردو زمانەوان لاکۆف و جونسن لە کتێبە کەیاندا (میتافۆرەکان) کە بە هۆیانەوە دەژین/metaphore we live by) هەموو زمان بە دیاردەیەکی میتافۆری/خوازەیی دادەنێن،میتافۆر دیاردەیەکی بەربڵاوی ژیانی رۆژانەیە ،نەك تەنیا لە زماندا بەڵکو لە بیرکردنەوەو ئەزموونەکانماندا ئامادەیە ،کە یەکەم هەنگاوی دەربڕینی زمانی خۆی لە خۆیدا میتافۆرییانەیە ، میتافۆرلای زۆرینەی زمانەوانەکان لە زانستی زمانی تەقلیدی وەکو بەشێك لە خەیاڵ(ئەندیشە)ی شیعری سەیرکراوەو وەکو جوانکاری رەوانبێژی باسکراوە، واتا وەکو لایەنێکی بەکارهێنانی نائاسایی زمان سەیرکراوە،بەوەی میتافۆرتایبەتمەندی زمانییەوپەیوەستە بە دەربردراوەکانەوە نەك بیرکردنەوەوچالاکی بیری،هەندیك پێیان وایە بەئاسانی دەتوانین دەستبەرداری میتافۆر بین ،بەلام توێژینەوە زانستییەکان ئەوە دەخەنە روو ،کەمیتافۆر بەتەنها پەیوەست نییە بەزمانەوە،بەڵکو لە ژیانی رۆژانەماندا ئامادەیەولەنێو بیرکردنەوە ئەزموونەکانمان بوونی هەیە ،(پێرەوی چەمکی) یش کە بیرکردنەوەو رەفتارەکانمان ئاراستە دەکات سروشتێکی میتافۆری هەیە .(چەمکەکان) تەحەکوم دەکەن بە بیرکردنەوەو رەفتارەکانمانەوە،چەمکەکان بریتین لە درکپێکردن و مامەڵەکردنمان لە گەڵ جیهان ومرۆڤەکانی دیکەدا دەخاتە روو،ئەگەرپێرەوی چەمکی بەشێکی زۆری میتافۆری بێت،ئەوە بیرکردنەوەو رەفتاری رۆژانەمان بە شێوەیەکی پتەو پەیوەستە بە (میتافۆر)هو،کە دەتوانین پەیوەندی نێوان پێرەوی چەمکی ومیتافۆر لە م وێنەدا بخرێتە روو(بروانە وێنەی ژمارە ٢):

پەیوەندی نێوان پێرەوی چەمکی و میتافۆر (لە ئاوەزی قسە کەردا وێنەی ژمارە ....(٢)

٢/٢) دارشتنی )چەمکە میتافۆرییەکان (لە زماندا:

ئەگەرچەمکەکان بەشێکی زۆریان (چەمکی میتافۆر)بن،ئەوە باشترین بوار بۆ دۆزینەوەی ئەو چەمکە میتافۆڕیانە زمانە ،بەرێگەی زمانەوە دەتوانرێت گریمانەی ئەوە بکەین ،کە پێرەوی چەمکی چۆن کاردەکات ،هەروەها بە گوێرەی پێدراوە زمانییەکان (معگیات اللغویە)،گریمانەی ئەوە بکەین ،کە پێرەوی چەمکی پێرەوێکی میتافۆرییە ،بەرێگای میتافۆرییە چەمکییەکانەوە دەتوانین شێوازی بیرکردنەوەو درککردن و هەڵسوکەوتی قسەکەری کورد دیاریبکەین،ڕاستەوانە بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو راستییەی کە چەمکێك میتافۆرییە، دەبێت سوود لە چالاکی رۆژانەی قسەکەر وەربگرین، کاتێك بە شێوەیەکی بەشەکی وێنای شەرکردنێکی راستەقینە دەکەین لە مەیدانی جەنگدا ,ئەمە بە شێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لە سەر شێوازی دارشتنی ئاخاوتنەکانمان ،چونکە وێناکردی میتافۆری چەمکێکی دارشتەییانەی هەیە،هەروەها ئەو زمانەی کە دەربڕین لە چەمکە میتافۆرییەکان دەکات ،،سیماوخەسڵەتێکی دارشتەییانەی هەیە،هەر بۆیە ئەو دەربڕدراوانەی وەکو (بەرگری کردن،هێرش کردن....تاد) ئەمانە لە فەرهەنگی ئاوەزی قسەکەردا دارێژراون و کە پێشتر لە نێو پێرەوی چەمکیدا بە شێوەیەکی میتافۆریانە دارێژراون بۆ دەربڕین لە شەرێکی زمانی ،لەبەشێکی زۆری تۆری چەمکیدا،بیرۆکەی وێنا کردنی مەیدانی جنگ بە سەربیرۆکەی شەرێکی زمانیدا جێبەجێدەبێت،هەر بۆیە دەربڕدراوە میتافۆرییە کان لە زماندا پەیوەست بە چەمکە میتافۆرییە کان بە شێوەیەکی دارشتەییانەو پێرەو بەندانە پێکەوە بەستراونەتەوە. ئەگەر باس لە وێناکردنی مشتومڕکردن و گفتوگۆیەکی توندو نەگەتیف بکەین لە نێوان قسەکەرو گوێگر ،ئەم جۆرە میتافۆرە لە زمانی ئاخاوتنی قسەکەرو گوێگری کوردا رەنگدانەوەی دەبێت و بە میتافۆری مشتومڕکردن یان (شەرێك کە بە رێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێت)ناوی دەبەین ،بروانە ئەم ڕستانە :

- ناتوانیت بەرگری لە بووچوونەکانت بکەیت.

- جەنابت ،هەموومەبەستەکانت نە پێکاوەو.

- هیچم نەوتووە ،لە خۆرا پەلامارمان مەدەن.

- چیمان کردووە،مەکەوە بەرەیەکی تروەوە لێمان.

-ئێوە بە قسەکانتان سەنگەرتان لێگرتووین .

-هێرش دەکاتە سەر بیروو بووچونەکانمان .

-لە قسەکردندا ستراتیژیەت بە کار مەهێنە.

-ناتوانیت لە قسە کردندا بیبەزێنیت.

-ئێوە لە گفتووگۆکاندا دۆراندتان .

-بە سەر بیرو ببۆچوونەکانی خۆمدا زاڵم .

-لە مشتومڕکردنەکەدا سەرکەوتوو بوو.

- گوێی لێ مەگرە،هەر بە قسەکانی دەتکوژێت.

-ئەو قسانە مەکە وەکو ئەوە وایە خەنجەرم لێبدەیت.

-بەو قسانەت بڕیاری گوشتنت بۆ دەرکردم.

-لە خۆرا لە قسەکانتدا تەقەمان لێ مەکە.

- بەو قسانە بڕیاری لە سێدارەدانتان بۆ دەر کردم .

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەینە گفتوگۆی نێوان قسەکەروگوێگر،ئەوە دەربڕدراوەکانی وەکو(سەرکەوتن ،بەزاندن ،زاڵبوون،کەوتن ،سەرکەوتن ،بەرگری کردن،سەنگەر گرتن ،پەلاماردان ،............)،بەرچاومان دەکەوێت،قسەکەر وێنای خۆی دەکات لە حاڵەتی جەنگ و شەردابێت،بۆیە لە حاڵەتی پەلاماردان وهێرشکردن و دواتر هەندێگ جار بەرگری گرتن و جار جاریش سەرکەوتن و زاڵبوون و بردنەوە لە گوێگر ،کە وەك دوژمن سەیر دەکرێت،هەندێك جار پاشگەزبوونەوەو دۆراندن و زاڵبوونی گوێگر بە سەرقسەکەردا دەبینرێت ،قسەگەرو گوێگر چەمکی (مەیدانی جەنگ)بە کادەهێنێت بۆ ئەوەی میتافۆری چەمکی (گفتو گۆکردن )دروست بکات،سەرەرای ئەوەی لە شەرێکی حەقیقی مادی –فیزیکی مەیدانی جەنگدا نین ،بەلام لە شەرێکی زمانی راستەقینەدان،کە رەنگدانەوی دەبێت لە سەر ئاخاوتنەکانی قسەکەرو گوێگر،بۆ زیاتر روونکردنەوە بڕوانە وێنەی ژمارە (٣):

میتافۆری چەمکی شەرێکی زمانی راستەقینەیی............وێنەی ژمارە (٣)

بە هۆی ئەو بارووذۆخەی کە نەتەوەی کورد تێدا ژیاوە لە خەباتێکی دوورودرێژی رزگاریخوازیدا، قسەکەری کورد خاوەنی کەلتوورو بیروباوەرێکە ،هۆکاری ئاشنابوونمانە بە چەمکەکانی شەرو جەنگ،هەربۆیە میتافۆری چەمکی چەمکی جەنگ وشەر،میتافۆرێکی راستەقینەی و زیندووە لە نێو کەلتوورو بیری باوەری ئێمەدا،مەرجیش نییەلە نێو هەموو کەلتوورو بیرباوەری میللەتانی جیهاندا بۆ میتافۆرێکی چەمکی شەرکردن (ئەو شەرەی بە رێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێت پەیوەندی نییە بە بە کارهێنانی ئامێری شەڕ کردن وەکو چەقۆ ،خەنجەرن دەمانجە .....تاد)،چەمکی شەرکردن بەکارهێنرێت،لەوانەیە میللەتێك هەبێت چەمکی سە ماکردن بە کارهێنێت بۆ ئەم مەبەستە ،لەوانەیە بە شێوەیەکی جیاواز سەرنجبدەینە میتافۆر لە زمانەکەی ئەواندا ،هەروەها ئەوانیش بە شێوەیەکی جیاواز سەرنجدەدەنە میتافۆرلە زمانی ئێمەدا،ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی کەلتوورو بیرو باوەری دوو نەتەوە ، کە چالاکی قسەکردن لای ئێمە لە سەر بنەمای جەنگە ،رەنگە لای میللەتێکی تر بنەمایەکی دیکەی هەبێت.میتافۆر ئەسکەلەی ئاوەزییەو وێنەکەیەلە وێنەی درکپێکەرانە قسەکەر لە فۆرمێکی زانیدا ،یان شاعیر لە بەرهەمێکی شیعریدا،کە ناتوانرێت ئەو وێنەیە لە ژینگەی روشنبیری شاعیردابرێنرێت، (میتافۆر )واتا ناگوێزێتەوە لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی تر ،یان لەکێلگەیەکەوە بۆ کێلگەیەکی واتایی دیکە ،بەڵکو جیهانێکی بیری و هزری بونیاد دەنێت ،ئەگەر هەر گەشەو پەرەسەندنێك لە زانستی زمانی پراگماتیك بە دی بکرێت ،ئەوە هۆکار بووە بۆ ئەوەی زمانەوانەکانی بواری زانستی زمانی درکپێکردن لە پێش هەموویانەوە ایلیانور رۆش باس لە بیرکردنەوەی درکپێکەرانە بکات لە بواری میتافۆردا،کە بەتەنها سیمانتیکی چەشنەنموونەیەکان بە خاڵێکی دەستپێك دانانرێت ،بەڵکوکارەکانی لانگارو لە بواری گەتیگۆری درکپێکەرانەو،گریمانەکانی جورج لاکۆف لە توانستی چەمکی و رۆڵی لە چالاکی میتافۆری،کە چەمکی درکپێکەرانە پەیوەندیان هەیە بە بونیادی میتافۆرەوە .میتافۆرو میتۆنۆمی لە زۆربەی زمانەکاندا بونیادێکی ئاوەزییە ،کە بریتییە لە مۆدێلێکی درکپێکردنی نموونەیی Idealized cognitive models،لە تیۆریی چەشنە نموونەییەکان باس لە سێ چەمکی سەرەکی دەکەن ،کە بریتییە لە ( چەمکی میتافۆری ، فرە واتایی ،ناوك و چێوەی واتایی ) ، تیۆریی درکپێکردنی نموونەی لە لایەن لاکۆف لە کتێبی (ژن ،ئاگر، ترساندن)خراوەتە روو ،کە میتافۆر لێرەدا بریتییە لە پەیوەندی لە نێوان یە کە چەمکییە نزیکەکان ، هەروەك لاکۆف و جونسن ،چەمکی میتافۆری بە بوارێکی میتافۆری گرنگ دادەنێن و چەمکی (ئاو ،ئاگر و ،با )یە کێکە لە

ئەو چەمکە میتافۆرییانەی کە بە هۆیەوە دەژین ، بۆ نموونە :

-هەموو هەوڵەکانمان ،با بردی.

-ئەوەی ئەنجامتاندا، ئاو بردی.

-ئاگر بەربووە لە ژیانمان .

- ئاو دەکاتە ژێر پێی خەڵکی.

- ئاوی ڕەحمەت بە سەر خەڵکدا ببارێت.

- سەری دووکەڵی لێ راست دەبێتەوە.

- لە نێوچاوانیدا ئاگر دەبینرێت.

-سەرم گری گرتووە، زۆر بێتاقەتم .

بە گوێرەی تێروانینە کانی ئەم دوو زانایە ،لە زمانی کوردیدا ، ئەم چەمکە بونیادیانە میتافۆری ئۆمیدی و نائومیدی لە دەربردراوە زمانییە کاندا رەنگدانەوەی دەبێت ،بڕوانە وێنەی ....ژمارە (٤):

میتافۆری چەمکە کانی (ئاو ، با، ئاگر )لە زمانی کوردیدا.......وێنەی ژمارە (٤)

ئەگەر باس لە دارشتەی چەمکی میتافۆری (کات) بکەین لە زماندا ،بۆ نموونە :

-لێرەوە برۆ ،دوو کاتژمێرت بۆ دە مێنێتەوە.

-یەك کاتژمێرە خەریکی ئەم کارەم .

-کاتم نییە گوێ لە ئەو شتانە بگرم .

-زۆر سەپاس بۆ ئەو کاتەی بە منتان بەخشی .

-کاتی خۆت وەربگرە ، من دەرووم کارێکم هەیە .

-هەندێك کاتم بۆ گەڕایەوە،پەلەم نییە.

- هەندێك کات بە خۆت بدە و پەڵە مەکە.

-منداڵەکە هەموو کاتەکەی بە دیار ئایپادەکەوە لە کیسچووە.

-سەدەیەکە خەریکی تێگوشانین هیچمان بە هیچ نەکرد.

(کات)لە نێو کەلتوورو بیرباوەری میللەتی کوردا وەکو کاڵەیەکی بە نرخ سەیر دەکرێت ،چونکە یان باسی لە دەستدانی دەکەین ،یان باسی بە دەستهێنانی دەکەین ،واتە یان کاریگەریە کی خراپ ،یان کاریگەرییەکی باش بە جێدەهێڵێت.لە بەر ئەوەی پارە بە دەستهێنانی دیاریکراوەو کەمێك قورسە لە ژیاندا بە ئاسانی بە دەستی بهێنیت ، بۆیە هەمیشە چەمکی (کات) وچەمکی پارە لە یەکەوە نزیکن چونکە هاوشێوەی یەك بە نرخن،بڕوانە وێنەی ....ژمارە(٥):

میتافۆری چەمکەکانی (کات) ..........وێنەی ژمارە (٥)

پەیوەندی نێوان وەچەکەتیگۆرییەکان بنەمایەکی بە هێزە بۆ پێویستێتی بوونی پەیوەندی نێوان میتافۆرەکان ، کەواتە میتافۆری (کات)پێویستی بە چەمکی( پارە ) هەیە بۆ ئەوەی وەکو کاڵەیەکی بە نرخ سەیربکرێت.لە ئەنجامدا میتافۆرەکان دارشتەیەکی پێکەوە گونجێنراون و لە چەمکە میتافۆرەکانەوە دادەرێژرین ،هەروەها بە هۆیەوە دارشتەیەکی پێکەوە گونجێنراو لە دەربردراوە زمانییە کان دادەرێژرێن و رەنگدانەوەی دەبێت لە ئاخاوتنی رۆژانەمان و بەرانبەر بە چەمکەکان دەوەستنەوە . ئەوەی تا ئێستا خراوەتە روو بریتییە لە میتافۆری دروستەیی (بونیادی)،واتا ئاشکراکردن و بونیادنانی چەمکێك بە شێوەیەکی میتافۆریانە بە ڕێگەی چەمکێکی دیکەوە ،بۆ جۆرەکانی تری میتافۆر بڕوانە (٢/٢،٣/٤).

٣/٢) میتافۆری ئاڕاستەیانە(orientational metaphors):

ئەم جۆرە میتافۆرە جیاوازە لە میتافۆری بونیادی ،کە پێشتر خرایە ڕوو ، لێرەدا باس لە دەربرینی چەمکێکی میافۆری ناکەین بە رێگەی چەمکێکی دیکەوە (وەکو میتافۆری کات و چەمکی کات ) ،بەڵکو لێرەدا پێرەوێکی دارێژراوی تەواومان هەیە کە لە چەند چەمکێکی پەیوەندار بە یەکەوە پێکهاتووە پێکەوە میتافۆری ئاراستەیانە دادەرێژن ،بڕوانە ...ژمارە (٦):

دارشتنی پێرەوی چەمکی میتافۆری ئاراستە یانە .......... وێنەی

ژمارە(٦)

ئاراستە فەزاییەکانی وەکو (ژێرەوە ،سەرەوە،لە ژێر ،لە خوار ،لە پشت،لەبەردەم ،لە نێو ،لە دەرەوە ، لە ژوور،لە قووڵایی ،لە چەقدا، لە پەراوێزدا، لە ناوەراستدا)، قسەکەر بە ئەو شێوە وێنای دەکات کە جەستەی قسەکەر رۆڵی هەیە لە ئاخاوتنەکان و کە جێگەوتەی قسەکەر بە گوێرەی ئەم ئاڕاستانە دیاریدەکرێن ، بەو شێوەی جەستەمان بەرکەوتنی دەبێت لە گەڵ ئەو دەورووبەرە فیزیکییەی کە تێیدا دەژین ، هەربۆیە ئەم ئاڕاستانە چەمکێکی ئاڕاستەیانە دروست دەکەن (بە هەشت لە ژێرپێی دایکاندایە )،(ئاژاوەیەکی لە ژێر سەردایە ) (منداڵەکان لە ژێر سایەو سێبەری باوکیان گەورە بوون )،هەرچەندە چەمکە دووانییەکانی وەکو (لە سەر ،لە خوار ) چەمکی فیزیکین وەکو (کتێبەکە لە ژێر مێزەکەدایە

،کتێبەکە لە سەر مێزەکەدایە )بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا لە نێو بیرکردنەوەی هەر میللەتێك وەکو چەمکی کەلتووری و بیرباوەری لێهاتووە لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر دەگۆڕێت ،بڕوانە ئەم نموونانە :

-کیشەیەك لە ژێر سەری ئەم کابرایە .

-لە نێو ئەم بارووودۆخەدا ،هیوایەکمان یە ژیان ماوە .

- لە پشتی ئێمەوە لێدوان مەدە.

-بارووودۆخی تەندروستی هەرێم بەرەوپێشەوە دەڕوات .

- گوزەرانی خەڵك لە هەرێمی کوردستان بۆ دواوە دەڕوات .

-لە پاڵ قەیرانی دارایی ، کۆرۆناش رووی تێکردین .

- کۆرونا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا نەماوە.(حکومەت دەسەڵاتی بە سەر کۆرۆنا نەماوە)

- لە ناوەراستی قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا دا حکومەت بڕیاری بڕینی مووچەی پەسەند کرد.

-حکوومەتی هەرێم لە ژێردەستەیی بەغدا رزگاری نابێت.

- نابێت بە بێ بیرکردنەوە باشی خەڵك بکەویت.

-لە پەراوێزی کارەکەدا باسێکی هەوڵەکانی ئێوەش کرا.

٤/٣) میتافۆری ئەنتولۆجیانە:

لە میتافۆری بونیادیانە(دروستەیانە)، قسەکەر وێنای خۆی دەکات بە ئەزموونیکی فیزیکی لە مەیدانی جەنگدا ئامادە بێت ، هەرووەها لە میتافۆری ئاراستەیانە ،قسەکەر چەمکی ئاراستە فیزکییەکانی بۆ ئەزموونێکی فیزیکی لە نێو کەلتوورو بیرباوەری قسەکەری کوردا ( بەهەشت لە ژێر پێی دایکاندایە ) بە کاردەهێنا ،بەڵام میتافۆری ئەنتۆلۆجیانە جیاوازە ،چونکە قسەکەر چالاکی و کردەکان و هەستەکان و بیرکردنەوەکان وەکو کیان و مادە سەیر دەکات بۆ نموونە چەمکی میتافۆری (هەڵئاوسان) لە بواری ئابووریدا لای زۆربەی نە تەوەکان وەکو گیانلە بەرێك یان شتێکی زیندوو سەیر دەکرێت ، وەکو ( دەبێت رووبەرووی هەڵئاوسان ببینەوە)،(بۆ نەمانی هەڵئاوسان دەبێت کاری شیلگیرانە ئەنجام بدرێت) ،لە نێو بیرو باوەرو ئەزموونی نەتەوەی کوردا چەمکی میتافۆری ئەنتۆلۆجیانەی هەردوو چەمکی (قەیرانی دارایی ) و (گەندەڵی ) ، ئامادەیە ،کە ئێمە وەکو کێشەیەکی چارەسەر نەکراو سەیری دەکەین، پەنا دەبەینە بەر ئەوەی کە ئەم دوو چەمکە رووحی تێدا بێت و زیندوو بێت و بمانەوێت لە ناوی ببەین ،یان شتێکی مادی بێت و بمانەوێت بیشکێنین ،بیروخێنین ،بڕوانە وێنەی ژمارە(٧):

چەمکی میتافۆری ئەنتۆلۆجیانە (کیانێکی مادی) .....وێنەی ژمارە (٧)

میتافۆری ئەنتۆلۆجیانە بۆ تێگەیشتن لە لە رووداو(events) کردەکان (action)وچالاکی(activities) و حاڵەتەکان(states)بەکاردێت ،بە شێوەیەکی میتافۆریانە ئەم چەمکانە لە زماندا وێنا دەکەین ،وەك ئەوەی مامەڵە لە گەڵ شتێکی ماددیدا بکەین ،بۆ زیاتر بڕوانە ئەم ڕستانە :

- گەندەڵی ئەم وڵاتەی خنکاندووە.

- بە هەموومانەوە هەوڵدەدەین بۆ لە ناو بردنی قەیرانی دارایی.

- موتەکەی گیانی خەڵکی گەندەڵییە.

- دەبێت سەرچاوەکانی گەندەڵی لە ناو ببرێت .

لە ئەنجامدا سێ جۆری سەرەکی میتافۆری چەمکیمان ( دروستەیی/بونیادی، ئاراستەیی، ئەنتۆلۆجی) هەیە ،هەرچەندە لە فۆرمە زمانییە کاندا بە شێوەی جیاکار بە رجەستە دەبن ،یەك مەبەستی سەرەکیان هەیە ،ئەویش بەرجەستە کردنی مامەڵەیەکی یان سروشتێکی چەمکیانەی (میتافۆر)ە لە دەربڕدراوە زمانییەکاندا.

## ئەنجام

١- گریمانەو تیۆرییە زمانییە کان لە ئێستادا،بووچوونی بابەتیانە لە زماندا پەسەند ناکەن ،کەواتە راستی و ناراستی ڕستەکان پەیوەستن نین بە جیهانی دەرەوە،بەڵکو باس لە تێڕوانینی ئەزموونبەندانە دەکەن لە زماندا ،رۆڵی قسەکەر لێرەدا گرنگە چونکە رستەکان بە گوێرەی تێبینیکردن و درکپێکردنی قسەکەرەوە بەرهەمدێت ،جیاکاری کردن لە نێوان واتای حەقیقی (راستەقینەی ) و میتافۆری چونکە پەیوەستە بە درکپێکردنەوە ،پرۆسەیەکی ئاڵوزە .

٢-دەربڕدراوە (میتافۆرییەکان)،دەربڕدراوێك نین ،کە لە مەرجە ڕاستەقینەکانەوە هەڵهێنجرابێتن ،بە ڵکو (میتافۆر) خۆی راستەقینەیی زمانییە، واتە مرۆڤ هیچ جباکارییە ك ناکات لە نێوان درکپێکردنی بۆ واتای میتافۆری وراستەقینەیی(حەقیقی ) ،هەردووکیان لە نێو پێرەوی چەمکی ئاوەزی مرۆڤدا ئامادە بوونیان هەیە،یەك ئاستی نواندنمان هەیە بۆ درکپێکردنی ئەم دوو جۆرە واتایە ،ئاستی نواندنی چەمکییە، پێرەوی چەمکی لە ئاوەزی قسەکەردا هەموو واتا زمانی و نازمانییە کانی تێدا هەڵگیراوە،هەربۆیە واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی لە نێو پێرەوی چەمکیدا پێکەڵبوون وبنەمایەکی بە هێزە بۆ دروستبوونی بیرکردنەوەی میتافۆرییانە.

٣-پێرەوی چەمکی سرۆشتێکی میتافۆری وچونکە میتافۆر ئامادەیە لە نێو بیرکردنەوەو ئەزمونەکانمان،کەواتە ئەم پێرەوە چەمکییەی کە دارشتەیەکی میتافۆری هەیە بنەمایەکی بە هێزە بۆ دارشتنی میتافۆرییە چەمکییەکانی لە زماندا، وەکو (کات ،شوێن ......تاد)

٤- لە ئەنجامدا میتافۆرەکان دارشتەیەکی پێکەوە گونجێنراون و لە چەمکە میتافۆرەکانەوە دادەرێژرێن ،هەروەها بە هۆیەوە دارشتەیەکی پێکەوە گونجێنراو لە دەربردراوە زمانییە کان دادەرێژرێن و رەنگدانەوەی دەبێت لە ئاخاوتنی رۆژانەمان و بەرانبەر بە چەمکەکان دەوەستنەوە.

٥-سێ جۆری سەرەکی میتافۆری چەمکیمان هەیە( دروستەیی/بونیادی، ئاراستەیی، ئەنتۆلۆجی) ،هەرچەندە لە فۆرمە زمانییە کاندا بە شێوەی جیاکار بە رجەستە دەبن ،یەك مەبەستی سەرەکیان هەیە ،ئەویش مامەڵەیەکی یان سروشتێکی چەمکیانەی میتافۆرە لە زماندا

## سەرچاوەکان


١-سەرچاوە کوردییەکان:

١- ئاڤێستا کەمال مەحموود،پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا،بەرێوە بەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،٢٠١٢.

٢- بەکر عومەر عەلی مەعروف،(نامەی دوکتورا) ،زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٠

٣- پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر ،و/ئەنوەر قادر محەمەد،مەڵبەندی کۆردۆلۆجی سلێمانی ، ٢٠١٠ .

٤-شیلان ئەحمەد ئیسماعیل،تێکردە بیرییە کان لە پەیکاڵبوونی فۆرم و واتادا(نامەی ماستەر)،زانکۆی سلێمانی ،٢٠١٥.

٥- کامل حسن عزيز البصير،زانستی ئاوەڵواتا،چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق،بە غدا،١٩٨١.

٦- نەریمان حەسەن حەمەکەریم،دروستەی سیمانتیك لە زمانی کوردیدا،(نامەی ماستەر،زانکۆی سلیمانی،٢٠١٥.

٧ –نالی ئەدهەم غەریب ،درکپێکردنی میتۆنۆمی لە زملنی کوردیا،سلێمانی ،٢٠١٦

٢- سەرچاوە عەرەبییەکان :

١-جاك موشلار وان ربیول، ارسگو والاستعاره چمن القاموس الموسوعی للتداولیه ،ت/ مجموعه من الاساتژه والباحپیین، المرکز الوگنی للترجمه ،تونس ، ٢٠١٠

٢-جورج لايكوف ومارك جونسن،گ١،الاستعارات التى نحيا بها،ت/عبد المجيد حجفه ،دار تويقال للنشر،٢٠٠٩.

٣- حافف اسماعيل علوى ،التداوليات (علم استعمال اللغه)،عالم الكتب الحديپ،اردن، ٢٠١٤.

٤-راى جاكندوف ،علم الدلالهوالعرفانيه ،ت:عبد الرزاق بنور-مختار كريم ،مركز سيناترا،تونس،٢٠٠٩.

٥- صابر الحباشه ،مسالك الدلاله فى سبيل مقاربه المعنى ،دار الصفحات للنشر والتوزيع،دمشق،٢٠١٣.

٦- صالح بن الهادى رمچان ،النقريه الادراكيه واپرها فى الدرس البلاغى(الاستعاره انموزجا)،الندوه( الدراسات البلاغيه ،٢٠١٠)

٧-صلاح فچل ،بلاغه الخگاب وعلم النصى ،دارالكتاب المصرى،القاهره ،٢٠٠٤.

٨-عبد الالاه سليم ،بنيات المتشابهه فى اللغه العربيه ،دار تويقال للنشر،دار بيچاو،٢٠٠١

٩-كارل بوبر،النفس ودماغها،ت/عادل مصگفى،رؤيه للنشر والتوزيع ،القاهره،٢٠١٢.

١٠- لودفيك فتقانشتاين،ت/ تحقيقات الفلسفيه،المنقمه العربيه للترجمه،بيروت،٢٠٠٧.

١١- محمد غاليم ،التوليد الدلالى فى البلاغه والمعجم،گ١،دار تويقال،المغرب ،١٩٨٧.

١٢-هربيرت ماركيوز،العقل والپوره،هيكل ونشاوه النقريه الاجتماعيه ،ت/فؤادزكريا،هيئه المصريه العامه للتأليف والنشر،١٩٧٠.

١٣-هيكل ،محاقرات فى فلسفه التاريخ،گ٣،ج١(العقل فى التاريخ)،ت/ امام عبد الفتاح امام ،التنوير للگباعه والنشرو التوزيع،بيروت،٢٠٠٧.

٣- بڵاوكراوەو گۆڤارەكان

١-رۆژان نورى عەبدوڵلا،میتافۆر لە شیعرەكانى هاوژین صیلوەدا،گۆڤارى زانكۆى كۆیە ،ژمارە ٤٢. ٢٠١٧

٢-شیلان ئەحمەد ئیسماعیل،دیاریكردنى بونیادى واتا پەیوەست بە بونیادە تەسەوریيە كان،گۆڤارى زانكۆى گەرمیان ،بەرگى ٥،ژمارە ٣، ٢٠١٨.

٣-كاروان عومەر قادر،سیستەمى دركپێكردن وەك بنەمایەكى رێزمانى كوردى،گۆڤارى زانكۆى سلێمانى،ژمارە ٣٤، ٢٠١٢

٤-كاروان عومەر قادر،دارِشتەى چەمك لە زمانى كورديدا، گۆڤارى زانكۆى راپەرین ،ژمارە١٣ ، ٢٠١٧

سەرچاوە ئینگلیزییەكان :

Fillmore,c,Jm(١٩٧٦) frame semantic and the nature of languge ,in annals, New york academy of sciences. -

Georg lakoff(١٩٨٧),women,fire and dangegerous things , university of Chicago press. -

Jackendoff,Rm(١٩٨٣),semantic and cognition,m,l,t,press. -

Lakoff,G,and Johhesn,M(١٩٨٠) metaphors,we liveby,london. -

Ortony,A,(١٩٧٩) metaphor and thought,Cambridge university press. -

panther,k.and Radden .G(١٩٩٩),metonymy in language and thought u.s.a. -